قۆناغەکانی سیستمی نێودەوڵەتی

ئا: بەهرۆز عەلی

مەبەست لەسیستمی نێودەوڵەتی چییە؟

سیستمی نێودەوڵەتی بریتییە لەکۆمەڵێک یەکەی سیاسی لەسەر ئاستی وڵاتان، جا ئەو وڵاتانە بچوک بن یان گەورە، کەلە نێوانیاندا جۆرە کارلێککردنێک هەیە، بەشێوازێکی ڕێکخراو و بەردەوام لەپێناو لێک تێگەیشتن لەنێوانیاندا یاخود ئاڵوگۆڕی هەریەک لەو یەکە سیاسیانە، لەهاوئاهەنگیەکی دیاریکراودا.

قۆناغەکانی گەشەکردنی سیستمی نێودەوڵەتی

قۆناغی یەکەم(١٦٤٨ - ١٩١٤)

ئەم قۆناغە لەبەستنی پەیمانی (وستڤالیا-1648)دەست پێدەکات تا جەنگی جیهانی یەکەم(1914)، لەو ماوەیەدا شەڕی ئایینەکان کۆتایی دێت و سیستمی نێودەوڵەتی جێگر پێکدێت لەسەر بنەمای فەرەدەوڵەتی نەتەوەیدا، لەم قۆناغەدا دەرکەوتنی دەوڵەتی زلهێزی نەتەوەیی سیمایەکی دیاری بەخۆوە گرت، هێشتا ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناحکومیەکان پەیدا نەبوون، ئەورووپا لەسەر ئاستی جیهاندا ناوەندێکی دیاری ئەو قۆناغە بوو.

لەو قۆناغەدا ئەمەریکا بەشێک بووە لە سیستمی نێودەوڵەتی، بەڵام ڕۆڵی گرنگی نەگێڕاوە وەک وڵاتانی ئەورووپا، ئەویش بەهۆی پەیرەویکردنی سیاسەتێکی گۆشەگیر لەو سەردەمەدا، هەروەها لەم قۆناغەدا بیری نەتەوەیی دیاردەیەکی باوی بزوێنەری سیستمی نێودەوڵەتی بووەو بنەمایەک بووە بۆ ململانێی دەوڵەتان.

قۆناغی دووەم (١٩١٤-١٩٨٩)

ئەم قۆناغە لەگەڵ هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی یەکەم دەستپێدەکات تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، دەرکەوتنی ئەم قۆناغە بریتییە لە فرە سیستمی نێودەوڵەتی بەهۆی سەربەخۆبوونی ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، هەروەها دەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆر لەکۆمەڵ و گروپی دیکەی سیاسی وەک ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە هەرێمایەتییەکان و ڕێکخراوە کیشوەرییەکان، وەک (یەکێتی ئەورووپا، کۆمەڵە ئاسیا، یەکێتی ئەفەریقاو کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی، گروپی هاوکاری وڵاتانی کەنداو..هتد) لەناوەراستی ئەم قۆناغەدا بەتایبەتی لەدوای جەنگی جیهانی دووەم سیستمی جیهانی ئاراستەیەکی دوو جەمسەری گرتەبەر لەنێوان جەمسەری ڕۆژهەلات بەسەرکردایەتی یەکێتی سۆڤیەت و جەمسەری ڕۆژئاوا بەسەرکردایەتی ئەمەرکا،

لەم قۆناغەدا ڕووبەڕو بازنەکانی سیستمی نێودەوڵەتی فراوان بوو بەجۆرێک وڵاتانی دەرەوەی ئەورووپاشی گرتەوە.

لەماوەی ئەم قۆناغەدا ئایدۆلۆژیا وەک گرنگترین دیاردەی کۆمەڵایەتی سەری هەڵداو سیستمی نێودەوڵەتی کرد بە دوو کەرتەوە. ئایدۆلۆژیای سۆشیالیست لەپەیرەوی بلۆکی ڕۆژهەلاتەوەو سیستمی سەرمایەداریش لەپەیرەوی جەمسەری ڕۆژئاوا، سیمای دیاردەکانی ئەم قۆناغە بریتی بوون لەڕێکەوتنەکان، پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، ژیانی پێکەوەیی، ئاشتی، جەنگی سارد،...

قۆناغی سێیەم (١٩٨٩- .....)

ئەم قۆناغە لەکۆتایی هەشتاکانەوە دەستپێدەکات و تا ئێستا کۆتایی پێنەهاتووە، سیستمی نێودەوڵەتی ناونراوە سیستمی نوێی جیهانی، کە جیهانگیری بریتییە لە سیما دیارەکانی ئەم قۆناغەی سیستمی نێودەوڵەتی.

گرنگترین ڕووداوەکانی ئەم قۆناغە دەستپێکردنی جەنگی کەنداو بوو لەساڵی 1990، سیستمی نێودەوڵەتی لەم قۆناغەدا بەرەو تاک جەمسەری ڕۆیشت، ئەویش بەهەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت و بەهێزبوونی پێگەو هەیمەنەتی ئەمەریکا بەسەر جیهاندا.

دیاردەکانی ئەم قۆناغە بریتییە لە یەکترازانی ژمارەیەک لە وڵاتان و جیابونەوەی هەندێ وڵات لەیەکتری و دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کۆمپانیا فرەڕەگەزییەکان، لەلایەکی تر ئەم قۆناغە بەهەندێ مەسەلەی سەرەکی ئەخلاقی وەک ئازادی، مافی مرۆڤ، ڕێزگرتن لەیاسا نێودەوڵەتییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان بەڕێگە چارەی ئاشتی جیا دەکرێتەوە.

هەروەها لە ساڵانی دوایی ئەم قۆناغەدا هەندێ دیاردەی تر بەزەقی دەرکەوت، وەک شۆڕشی سێیەمی تەکنەلۆژیا، فراوان بوونی تۆری زانیارییەکان و دەرکەوتنی ئابوری، وەک دیاردەیەکی زاڵ و تەحەکومکردن لەکاروباری دەوڵەتداو زاڵبوونی کلتوری فەرهەنگی نیوەی باکوری زەوی بەسەر نیوە باشوری گۆی زەوی.

سیستمی نێودەوڵەتی لەدوای ١١ی سێپتەمبەرەوە

ڕەنگدانەوەی 11ی سێپتەمبەر لەسەر ڕەوشت و سروشتی نێودەوڵەتی بەتەواوەتی هەستی پێدەکرێت و کارلێکردنەکانی دیارن، بەڵام ڕەهەندەکانی ئەو کاریگەریە هێشتا بەتەواوەتی ڕوون نەبۆتەوە کە ئایا دەرەئەنجامەکانی تا چەند سیستمی نێودەوڵەتی لە دواڕۆژدا دەردەکات، بەڵام دەرکەوتەکانی لەساتە وەختەکانی ئێستادا دیارن و هەستی پێدەکرێت و دەشێ لەم لایەنانەدا بەدی بکرێت.

1- لایەنی فکری: لەساڵانی هەشتاکاندا وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا یارمەتی گروپە جیهادیە ئیسلامییەکانی دەدا لەپێناو دژایەتیکردنی یەکێتی سۆڤیەت و تەوژمی کۆمۆنیستی جیهانی. بەڵام دوای پاشەکشێکردنی یەکێتی سۆڤیەت لەئەفغانستان و کۆنترۆڵکردنی کابول لەسەر دەستی گروپە ئیسلامییەکان دیاردەی تووندڕەوی ئیسلامی سەری هەڵدا کە ئەم جارەیان دژی شارستانیەتی خۆرئاوا بوو.

ئەو ڕەوشە بەڕەو ئەوە ڕۆیشت کە ململانێی ئایدۆلۆژی بگوازرێتەوە بۆ ململانێی شارستانیەتەکان وەک ئەوەی کە سامۆئیل هانگتنتون لە تیۆریەکەی ئاماژەی پێدەکات.

لەو ڕوانگەیەوە 11ی سێپتەمبەر بووە پاڵپشتێک بۆ ئەو بۆچوونە، لەهەمان کاتدا ئەمەریکا گوتاری سیاسی خۆی گۆڕی، سەرەتا جۆرج بۆش ڕایگەیاند کە ئەو ڕوداوە بەریەککەوتنی ئایینی ئیسلام و مەسیحییە، بەڵام زوو لەو ڕاگەیاندنەی پەشیمان بۆوەو لەروانگەی هێزی شارستانێتی و دیموکراسییەوە بەرەنگاربونەوەی لەدژی تووندڕەوی ئیسلامی ڕاگەیاند.

هەروەها لەدوای ڕووداوەکە بۆ چوونی ئەمەریکا فراوانتر بوو دەربارەی گرنگیدانی بەشەڕی تیرۆری نێودەوڵەتی، لەو ڕوانگەیەشەوە زیاتر جەختی خستەسەر چاودێریکردنی لایەنی کلتوری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەتایبەتی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان لەپێناو قەدەغەکردنی بەرهەمهێنانی تەوژمی ئیسلامی تووندڕەو.

2- لایەنی سیاسی: گفتوگۆیەکی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی ئایا11ی سێپتەمبەر بۆتە خاڵێکی وەرچەرخان یان خاڵێکی دابڕاو لەسەر سیستمی نوێی جیهانی.

لێرەدا هاوکۆکیەک هەیە کە جۆرێک لە تەمومژ هەبێت لەسەر دیاریکردنی ئاستەکانی سیستمی نێودەوڵەتی لە دواڕۆژدا، بەڵام ئەوەندە نەبێت ئەمەریکا لەسەردەمی سیستمی نوێی جیهانی وەک تاک جەمسەری دنیا دەرکەوت بەبێ پێویستی بەهاوپەیمانی سەرکردایەتی جیهانی دەکرد، ئەوەش دەرئەنجامی ئەلتەرناتیڤی سەردەمی دوو جەمسەری بوو.

زۆر لە لێکدانەوەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد ئیتر ئەو سەردەمە کۆتای مێژووە و هەنگاوێکە بەرەو کۆتایی جەنگەکان وئاشتی نێو دەوڵەتی سەقامگیر دەبێت، بەڵام 11ی سێپتەمبەر جۆرێکی تری لەسیستمی دوو جەمسەری هێنایەکایەوە و جارێکیتر جیهان لەسیستمی تاک جەمسەری گەرایەوە بۆ سیستمی دوو جەمسەری بەڵام ئەمجارەیان جەمسەرێک کە شارستانیەتی خۆرئاوا نوێنەرایەتی دەکات بە سەرکردایەتی ئەمەریکا و جەمسەرەکەی تر، تیرۆری نێو دەوڵەتی سەرکردایەتی دەکات.

پەیوەندی سیاسەت بە ئەخلاقەوە

باپیر محەمەد عەباس

بابەتێکە کە کێشەیەکی توند و تیژو داوی درێژ لەنێواندا هەیە، لەکۆنترین کێشەکانە. زانای کۆمەڵناسی ئەمەریکی (دانیال بیل) لەوبارەیەوە ئەڵێت: ژیان و بیروبۆچونی سیاسی لەپەنجاکانەوە گرنگی خۆی لەدەست داوە، مرۆڤی سیاسی وەکو بەکارهێنەرێکی سەربەست وایە، بەدوای قازانج و خۆشگوزەرانی خۆیدا دەگەڕێ بەبێ ئەوەی گوێ بداتە گیانی سیاسی، بەڵکو ئەوەی کە لای گرنگە تەنها کەڵک و سودی سیاسییە نەک بیروباوەڕی ئەخلاقی، کەواتە ئەخلاق مەسەلەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە، وەک پەیوەندییەک لەنێوان کۆمەڵدا.

یەکێک لەفەیلەسوفەکان هەوڵی دا پێناسەیەک بۆ ئەخلاق دابنێ، دەڵێت: ئەخلاق تەنها لێکۆڵینەوە نییە لەنەریتی کۆمەڵایەتی خەڵک و مرۆڤایەتی، بەڵکو لێکۆڵینەوەیە لەبنەماکانی ڕەوشت، کەواتە لەبابەتی ئەخلاقدا گرنگ نیە بزانرێ خەڵک چۆن دەژین، بەڵکو گرنگ ئەوەیە بزانین دەبێت چۆن بژین، واتە ئەخلاق لەنیشانەکانی ڕەوشت ئەکۆڵێتەوە لەناو کۆمەڵدا، لەداب و نەریتە ئەخلاقیەکان وەک چاکەو خراپە، سزادان و پاداشت.

ئەرستۆ... ئەخلاقی بە زانستێکی پراکتیکی داناوە، کە ئەیەوێت مەبەستێک بهێنێتەدی لەڕێگای تاقیکردنەوەی مرۆڤایەتییەوە.

ئەگەر تیشکێک بخەینەسەر بیروباوەڕە ئەخلاقییەکان لەسەردەمی نوێو هاوچەرخدا، چەندین جۆری بیروباوەڕی ئەخلاقیمان هەیە، وەک چێژەرگرتن و خۆپەرستیو کەڵک وەرگرتن و پراگماتی پراکتیکی و ماددی و ڕوحی، هەندێک لەڕێبازی مەنتقی و سۆفیستاییەکان ئەخلاق بەهەندێ فەرمان و ڕادەربڕین دەزانن کەلەهەستی مرۆڤەوە دێت و هیچ ڕاست و دروێک هەڵناگرێ. بەڵام مەتریالیدیالێکتیکی وایدەبینێ کە هەموو چینێک جۆرێک لەئەخلاق پەیڕەودەکا کە لەبەرژەوەندی خۆیدایە.

نیتچەی فەیلەسوف، پێناسەی ئەخلاق دەکات کە خووڕەوشتێکە بریاری لەسەر نادرێت، بەڵکو مرۆڤی سەربەست لەدەرەوەی ئەخلاقە. سارتر ئەخلاق و سیاسەت بەیەکەوە دەبەستێت و ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەموو مەبەستێکی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی لەکۆتایدا مەبەستێکی سیاسییە.

نیشانە ڕەوشتیەکان ڕوداوێکی بابەتین لەهەمان کاتدا نیشانەیەکی جۆریشن، لەوانەیە هەریەکێ لەئێمە ڕۆژێ لەڕۆژان ئەو پرسیارەی ئاراستەی خۆی کردبێ، دەبێ چی بکەم بۆ ئەوەی زاڵم یان تاوانکار یان خۆسەپێن دەرنەچم، ئەوەش ئەو پرسیارەیە کە فەیلەسوفەکانی ئەخلاق دەیانکردو بەگرنگیەوە وەڵامیان ئەدایەوە. ئەگەر لێکۆڵینەوە لەئەخلاق بۆ خۆشگوزەرانی کەسەکان لەڕێگای ئەخلاقیەوە بێ، کە هاوولاتیان پەیڕەوی دەکەن. لەبەرئەوەی هاوولاتی ئەو وڵاتەن لای (بیتام) هەستی کۆمەڵایەتی پابەندە بەخۆشی و ناخۆشی، ئەوەش یەکسانە بە پابەندبوونی سیاسی و پابەندبوونی ئەخلاقی، پابەند بوونی سیاسیش سەرچاوەکەی دەسەلاتە. فەلسەفەی سیاسەت داوای بەرزترین کاملبوونی نمونەیی ئەکا لەلایەنی سیاسی کەواتە سیاسەت هۆیەکە کە بیروباوەری دەسەلات دەگوێزێتەوە لەبیرکردنەوەوە بۆ پراکتیک، لەڕێگای سیاسەتەوە دیموکراتیەت دەگوێزرێتەوە لەبیروبۆچونێکی سیاسییەوە بۆ جێبەجێکردنی لەدەسەلاتدا. کەواتە ئەخلاق لەسیاسەت جیاناکرێتەوە لەبەر ئەوەی هەوڵی کامل بوونی ڕوحی ئەدا.

لەسەردەمی کۆندا بیروباوەری ئەخلاقی ئەوکاتە وای دائەنا تەنها خوا چاکە دیاری دەکا، خراپەو چاکە لەیەک جیادەکاتەوە بەڵام لەو سەردەمەدا(میکافیلی) هۆی گەندەڵ بوونی سیاسەتی گێرایەوە بۆ ئەو زەبروزەنگەی کۆلیسە دەیکرد، یاخود پەیوەندی سیاسی بەئەخلاقەوە پەیوەندیەکی تووندو تۆلە لەدەوڵەتدا لەڕێگای داواکردنەکەی لەشارە نمونەییەکەی. لای (کروتشی) هەموو شتێک لەکاروباری سیاسی هۆیەکی سیاسی لەپشتیەوە هەیە، کەلەسەر ئەخلاق بەندە، یاخود سیاسەتی پاک و بێگەردەو ناڕوخێت و ئەخلاق دەربارەی سیاسەت بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە چۆن چینە دەسەلاتدارەکان بیروباوەری کەڵک وەرگرتن (مذهب المنفعة) پەیڕەو دەکەن لەسەر خەڵک، تاکو ئێستا ناوی میکیافیلی بۆ پێناسەی سیاسەت بەکار دەهێنرێت، شێوەو بۆچوونی مەنتیقی کۆنەپەرستی کە دیکتاتۆرییەت نوێنەرایەتی دەکا بۆ پەیڕەوکردن، پێشێلکردنی بچووکترین بنەماکانی ئەخلاقی ئەو دروشم و پیرۆبۆچوونانەی دەربارەی کەڵک و بەرژەوەندی سیاسی پاڵ بە سیاسییەکانەوە دەنێ بۆ ئەوەی پێشێلی مافەکانی خەڵک بکەن. لەبچوکترین پێوانەی ئەخلاقی دوورنبکەونەوەو ئەو کەڵک وەرگرتنە لەسیاسەت و قازانجە تایبەتییەکانی بوو بەسەرچاوەیەک بۆ دروستبوونی ئایدۆلۆژیای فاشی لەسیاسەتدا بوو بەهۆی دروستکردنی بیری پەرستنی مرۆڤ بە تەواوی بەلای میکیافیلییەکانەوە، دەکرێ ڕووداوی سیاسی شی بکرێتەوە لەسەر بناغەی درۆو هەڵخەڵەتاندن لەکاری سیاسیدا دەمانخەنە چوار دیواری دنیایەکی بچوکەوە کە تەنها سیاسییەکانی تیایەو تێکۆشان و شەڕ دەکەن لەپێناوی دەسەلاتو دەستبەسەرداگرتن. هەندێک لەزانا کانی کۆمەڵناسی واڕ بۆ دەچن کە ئەوانەی لەدەسەلاتدان بەهۆی هەندێ بەهرەو توانای تایبەتییەوە گەیشتوونەتە دەسەلات لای ئەوان کۆمەڵگا دابەشکراوە بۆ زۆردارو زۆرلێکراو. زۆر لێکراویش بەهیچ شێوەیەک بۆی نییە بریاری زۆردار هەڵوەشێنێتەوە یاخود تانەی لێبدا، لەهیچ جۆرە بریارێک و چالاکییەکی سیاسیداو بۆ پشتگیری بۆچوونەکانیان زۆردارەکان و دەسەلاتدارەکان هەردەم پاساوی ئەوە دەهێننەوە کە خەڵک لەسیاسەت تێناگات. میکیافیلی سیاسەتی گەردوون بەرەو ڕووخان و وێران بوون و چەکی ناوەکی دەبا. فەیلەسوفی هیندی وهیر ندرموهان داتا باسی نامەکەی غاندی دەکا کە گەورەترین شۆڕشی خوڵقاند. کە شۆڕشێکی سیاسی ئەخلاقی بوو غاندی بیروباوەری میانڕەوی بێ تووندو تیژی دابهێنا لەسیاسەتدا، لەبیروباوەڕەکانی غاندی.. پێویستە مرۆڤ توانای دان بەخۆداگرتنی هەبێ، بۆ هەموو ئازارەکان تاکو بتوانێ دوژمنەکەی ببەزێنێ، بەهێزی خۆشەویستی، بەبێ ئەوەی ئازاری پێ بگەیەنێ، بەڵام لای کارل مارکس کێشەی چینایەتی حەقیقەتێکی بنچینەییە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا. مارکسیەت کێشە ئەخلاقیەکانی لەسەر بناغەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دیاریکردووە لەچوار چێوەی مێژوویی گشتیداو لینین دووبارەی کردۆتەوە، کە سیاسەتی ڕاست پێویستە لەسەر بناغەی ڕۆشنایی و هەڵسەنگاندنێ چینە دژ بەیەکەکان دروستببێ، کەواتە سیاسەت لەوانەیە مرۆڤانەبێ یان نامرۆڤانەو دادپەروەرانە یان نادادپەروەرانە، پێویستە ئەخلاق پێشکەش بکرێ و پێشەنگیش بەرژەوەندی سیاسی بێ، سامانی کۆمەڵایەتیو بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان هەردەم تاقیدەکرێنەو لەهەموو نەریتە کۆمەڵایەتییەکان کە مرۆڤایەتی کۆی کردوونەتەوە بە درێژایی مێژوو، بەڵام ئەخلاقی شۆڕشگێرانە خۆی دەسەپێنی لەڕێگای شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیەوە.

سەرچاوەکان

المشكلةالاخلاقية و الفكر و المعاصر / تاليف باورودي / ترجمة محمد غلاب / دار الانجلو المصرية.
علم الاخلاق / تاليف / بكشتا نوفسكي و الاخرون / دار التقدم موسكو 1990.
الانسان و الاخلاق و المجتمع / تاليف / جون كارل فلوجل / ترجمة عثمان نوبة.
السارترية / تهافت الاخلاق و السياسة / تاليف خليل احمد خليل / بيروت طبعة 1980.
الاخلاق و السياسة في فكر الاسلامي و الماركسي و الليبرالي / تاليف محمد ممدوح على محمد العربي / طبعة 1992.
الاخلاق و السياسة / تاليف / عبد الفتاح حسنين العدوي / دار الهيئة المصرية للكتاب / طبعة 1992.
الاخلاق و السياسة / تاليف م. هير / ترجمة / ابراهيم دار الساق / بيروت / لبنان طبعة 1993.
مستقبل الاخلاق / تاليف مراد وهبة.
الاخلاق و السياسة / تاليف / تيتا رنيكو / ترجمة / شوقى جلال دار الساق. بيروت / طبعة 1975.
تطور و النسبية فى الاخلاق / تاليف د. حسام محى الدين الالوسى. دار الطليعة / بيروت / طبعة 1989.
الاخلاق و المجتمع / تاليف د. زكريا ابراهيم / دار المصرية للترجمة طبعة 1966.